

## راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق نازم شاکر

# ناتوانم بڵێم هەڵبژاردەی لاوان دەبێتە هەڵبژاردەی

**نازم شاکر لە دایکبووی (١٩٥٨)ە و یەکێك بوو لە باشترین یاریزانەکانی عێراق لە هێڵی بەرگری و چەندین دەستکەوتی لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بە دەستهێناوە، دوای وازهێنانی لە یاری کردن، بووە راهێنەر لە چەندین یانە کاری کردووە وەکو هەولێر و دهۆك و قوە جەوییە....هتد، دوای ئەوەی یەکێتی تۆپی پێی بە فەرمی بۆندێکی لەگەڵ مۆرکرد بۆ ئەوەی ببێتە راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق، ئێستا بە مەبەستی خۆ ئامادەکردنیان بۆ پاڵەوانیەتی ئیماراتی نێودەوڵەتی ئۆردوگایەکی مەشقیان لە شاری هەولێر کردەوە ئێمە بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیە لەگەڵ سازبدەین.**

دیمانە: رێبین رەمزی
rebin1985@yahoo.com

*** ئایا تۆ راهێنەری هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی عێراقی یاخود راهێنەری هەڵبژاردەی یەکەمی عێراقی؟**

- بە فەرمی راهێنەری هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی عێراقم دوای ئەوەی بۆند لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی عێراق مۆرکرد لە بۆندەکە خاڵێك هەیە کە دەڵێ هەر کاتێك هەڵبژاردەی یەکەمی عێراق پێویستی بە من هەبوو ئەوە دەبمە راهێنەری هەڵبژاردەی یەکەمی عێراق، ئێستاش هەڵبژاردەی عێراق یەکەمی عێراق بێ راهێنەرە بۆیە بەم ئەرکە هەڵدەستم تاوەکو راهێنەرێکی تازە بۆ هەڵبژاردەی یەکەمی عێراق دەستنیشان دەکەن.

*** ئایا هیچ سوودێك لە پاڵەوانیەتی ئیماراتی نێودەوڵەتی وەردەگری؟**

- بەڵێ، سوودەکە بۆ باشکردنی ریزبەندی هەڵبژاردەی عێراق لە باشترین هەڵبژاردەکانی جیهان و ماوەیەکی زۆرە هەڵبژاردەی عێراق هیچ یارییەکی ئەنجام نەداوە بۆیە تاوەکو جەماوەر ئاگاداری ئاستی هەڵبژاردەی عێراق ببن.

***تا ئێستا خولی عێراق دەستی پێ نەکردووە، بەڵام چەند یاریزانێکی خولی عێراقت بۆ هەڵبژاردەی عێراق بانگهێشت کردووە، کەچی تەنیا (٣) یاریزان لە یانەی هەولێر لەم هەڵبژاردەیە یاری دەکات هۆکاری چییە؟**

- چونکە لە پالەوانیەتی ئیمارات تەنیا (٣٠) یاریزان بەشداری دەکەن و ئەو یاریزانانەی کە لە خولی عێراق دەکەن و بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کراون ژمارەیان زۆر کەمە و ناتوانین لەم ژمارە زیاتر بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراقی یەکەم بکەین.

*** دووبارە بانگهێشتی یاریزانە پیشەگەرەکانت کردووە هەمان یاریزانان، ئایا لە هەڵبژاردەی عێراق سوودیان لێ وەردەگری؟**

- یاریزانە پیشەگەرەکان ئێستا باشترین یاریزانی عێراقن، چونکە ئەم یاریزانانە لە خولەکانی عەرەبی و ئەوروپی یاری دەکەن دەتوانن هەڵبژاردەی عێراق بەرەو سەرکەوتن ببن.

*** ئایاوەستانی خولی عێراق کێشەتان بۆ دروست ناکات وەکو راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق؟**

- راستە ئەمە کێشەمان بۆ دروست دەکات چونکە ئەگەر خولی عێراق دەست پێ نەکات ئەوە یاریزانی لاو و بە توانا دروست نابێت ئەمەش دەبێتە کێشەیەکی زۆر گەورە و ناچار دەبێن تەنیا پشت بە یاریزانی پیشەگەر ببەستین لە هەڵبژاردەی عێراق.

*** چۆن دەڕوانیە ئەم گیروگرفتانەی نێو یەکێتی تۆپی پێی عێراق؟**

- ئەوەی راستی بێت تۆپی پێی عێراق لەم کێشانە زەرەرمەند دەبێت لە هەموو لایەکەوە



# ئایندەی عێراق

و دەبێ ئەم کێشانە بە زووترین کات کۆتایی پێ بێت بۆ ئەوەی تۆپی پێی عێراق زیاتر پێش بکەوێت و هەموو لایەك دەبێ بیر لە جەماوەری عێراق بکەنەوە و بیر لە وڵاتەکەی خۆیان بکەنەوە.

*** بە چ ئامۆژگارییان دەکەی؟**

- دەبێ بەرژەوەندی تۆپی پێی عێراق لە پێش چاوی خۆیان دابنێن نەوەك چاویان لە کورسی سەرۆکایەتی بێت، ئەمە ئامۆژگاری منە و هیوادارم سوودی لێ وەربگرن.

*** چۆن دەڕوانیە ئاستی هەڵبژاردەی لاوانی عێراق؟**

- ئاستی هەڵبژاردەی لاوانی عێراق لە یارییەك بۆ یارییەك بەرز دەبێتەوە، بەڵام هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی راستەقینەی خۆی و چەند هەڵەیەك هەیە لە هەڵبژاردەی لاوان دەبێ راهێنەر بە زووترین کات ئەم کێشانە چارەسەر بکات.

*** ئایا هیچ یاریزانێکی تێدایە کە ببێتە دوا رۆژی عێراق، یاخود دەتوانین بڵێن ئەمە هەڵبژاردەی ئایندەی عێراقە؟**

- ئەوەی راستی بێت چەند یاریزانێکی بە توانا لەم هەڵبژاردەیە یاری دەکات، بەڵام هێشتا پێویستی بە کار کردن هەیە و ناتوانین بڵێن ئەمە هەڵبژاردەی ئایندەی عێراقە.

*** چۆن دەڕوانیە ئاستی یانەی هەولێر؟**

- لەم ماوەیە ئاستی یانەی هەولێر رۆژ بە رۆژ لە نزمی دایە هەرچەندە چەندین یاریزانی بە توانا لەم یانەیە یاری دەکات ئەمەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە، رەنگە دەستەی کارگێری یانەی هەولێر بزانن هۆکاری ئەم ئاستە نزمیە چییە.

*** چۆن دەڕوانیە ئەم هەنگاوی یانەکانی هەولێر و دهۆك و زاخۆ بە مۆرکردنی بۆند لەگەڵ یاریزانی پیشەگەر؟**

- ئەمە کارێکی زۆر خراپە، چونکە یاریزانی عێراق دەچێتە دەرەوەی عێراق لە یانەکان یاری دەکات نەوەك یاریزانی پیشەگەر بێتە یانەکانی عێراق، بە تایبەتی ئەم یاریزانانەی کە یانەی هەولێر بۆندیان لەگەڵ مۆرکردوون بە هیچ شێوەیەك ئاستیان لە یاریزانی عێراق باشتر نییە، بۆیە دەبێ بایەخ بە یاریزانی عێراقی بدەین باشترە لەوەی کەوا بایەخ بە یاریزانی ئەفریقی بدەین، بەڵام ئەگەر بۆند لەگەڵ یاریزانی بە توانا مۆربکەن و ئاستیان یەکجار بەرز بێت و خزمەتی یانەکانیان بکەن ئەم شتێکی باشە.

*** ئایا مۆرکردنی بۆند لەگەڵ راهێنەری پیشەگەر دەبێتە هۆکاری پێشکەوتنی یانەکانی عێراقی؟**

- ئەگەر هاتوو یانەکان پێویستیان بە راهێنەری پیشەگەر هەبێت و خزمەتی یانەکە بکات و ئاستیان بەرەو پێش ببات ئەمە بیرۆکەیەکی زۆر جوانە و سوودی بۆ تۆپی پێی عێراقی دەبێت.

*** ئایا رۆژنامەنووسەکان پشتگیریان لە تۆ کرد کاتێك وەکو راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق دەستنیشان کرای؟**

- زۆربەی رۆژنامەنووسەکان پشتگیریان لە من کرد و تەئکیدیان کردوو کەوا نازم شاکر ئێستا باشترین راهێنەرە بۆ ئەوەی ببێتە راهینەری هەڵبژاردەی عێراق.

*** چ وەڵامی ئەم راهێنەرانە دەدیەوە کە رەخنەیان لە تۆ گرت؟**

- هیچ وەڵامێکی ئەم جۆرە راهێنەرانە نادەمەوە کە بەخیلیم پێ دەبەن و چاویان بەوە هەڵنایێت کە من بوومە راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق و ئاستیان لەوە زۆر نزمترە کەوا رەخنە و باسی من بکەن.

لە کۆتاییدا نازم شاکر زۆر سوپاسی جەماوەری عێراق کرد کە پشتگیری تەواویان کرد کاتێك وەك راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق دەستنیشان کرا و هیوادارم بە هەموو شێوەیەك پشتگیری لەم هەڵبژاردەیە بکەن لە هەموو لایەکەوە.





# کۆبوونەوەی دەستەی گشتی یەکێتی ناوەندی



**حوسین سەعید: سوپاسی هەڵوێستی جوامێرانەی ڕێزدار نێچیرڤانبارزانی دەکەین کەپارەی ئەم پا ڵەوانیەتیەی بۆ تەر خان کردین**

یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێراق لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی هەولێری کۆبوونەوەی دەستەی گشتی لەکەش و هەوایەکی پڕشەنگدار بەسترا، **سەرەتا بەڕێز حوسێن سەعید سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ناوەندی عێراق وێڕای بەخێرهاتنی میوانەکان گوتی:** بەڕاستی ئەمە ڕۆژێکی دڵخۆشکەرە کە وەکو خێزانێك لە هەولێری خۆشەویست کۆبووینەوە و باس لەوە دەکەین کە چۆن دەتوانین ئاستی تۆپی پێ بەرەو پێش ببەین، هەروەها گوتی ماوەیەکی زۆر باس لە هەڵبژاردن یان هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەزگایە دەکرێ لە لایەن چەند کەسێك کە لە وەرزش دوورن، بەڕێزیان زیاتر گوتی سەرۆك وەزیرانی عێراق نوری مالیکی بە بەردەوامی هاوکارمان بووە و یارمەتی داوین و بۆ پاڵاوتنی لاوانی ئاسیا بڕی ٨٦٠ ملیۆن دیناری بۆ بەڕێوەبردنی خولەکە تەرخانکرد، بەڵام دەمەوێ بزانن کە تا ئێستا ئەو بڕە پارەیە بە دەستمان نەگەیشتووە هۆکارەکەش وەزارەتی وەرزش و لاوانی عێراقە کە بویتە کۆسپ لەبەردەم ئەم هەنگاوەی بەڕێز نوری مالیکی، بەراستی ئێمە سوپاسی دەکەین کە پێشنیارەکەی خودی وەزیری وەرزش ولاوانی ڕەتکردەوە کە داوای وەستانی چالاکییەکانی یەکێتی تۆپی پێی عێراقی کردووە و وپێی ڕاگەیاندوون ئەمە کاری ئێمە نییە دەست لەکاروباری وەرزش وەربدەین ئەمەیان هێڵی سوورە دەبێ خۆمانی لێبپارێزین. سەعید زیاتر گوتی پاڵەوانییەتی ئاسیا زۆری نەمابوو لە هەولێر ئەنجام نەدرێ لەبەرنەبوونی پارە بۆیە حەزدەکەم بزانن ئەو پارەی سەرف دەکرێ لەلایەن خودی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی تەرخانکراوە بۆیە لە دڵمەوە سوپاسی هەڵوێستی جوامێرانەی دەکەم، ئەمەیە یەکەمین جاری نییە بەڵکو پێش چەند هەفتەیەك بڕیاری نۆژەنکردنەوەی یاریگای شەعبی بەغدای دا، ئینجا بەڕێز

**ناجح حمود گوتی:** بڕیار وابوو لە مانگی ئەیلول خولی یانە پلە نایابەکان ئەنجام بدرێت و لەبەرچەند هۆیەك دواخرا، بەڵام لێرەوە پێتان دەڵێین ئەو یانەی دەیەوێ بەشداری بکات تا (١٩)ی ئەم مانگە بە نووسراوی فەرمی یانەکەیان ئاگادارمان بکاتەوە، دوایی بە پێچەوانەوە بەشدارییان پێناکەین و وا بڕیارە لە (٢٣)ی ئەم مانگە کۆمەڵەی کوردستان و لە (٢٧)یش کۆمەڵەکانی دیکەش ئەنجام بدرێ و حمود پەردەی لەسەر ئەوەش لادا و گوتی ئێمە پاڵەپەستۆیەکی زۆرمان لەسەرە کە دەست لەکار بکێشینەوە و ئێمەش بۆ ئەو داوایە ملکەچ نابین چونکە ئێمە بە هەڵبژاردن هاتووین و ڕێنماییەکانی فیفا پەیڕەو دەکەین لە کۆتایشدا گوتی ئەمڕۆ ڕۆژێکی دڵخۆشکەرە لە کۆی (٦٣) ئەندام (٤٥) ئەندامی دەستەی گشتی لەم هۆڵەدا ئامادە بووە کە زۆربەیان هەڕەشیان لێکراوە کە بەشداری نەکەن، ئێمە



# تۆپی پێی عێراقی فیدڕاڵ لە هەولێر ئەنجامدرا

لە فایلی وەرزشـــی گوڵان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم کۆبوونەوە و دەرئەنجامەکانی راوبۆچوونی ئامادەبووانمان وەرگرت، ســـەرەتا بەڕێز **نەوزاد قادر ســـەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کەرکوک گوتـــی**، بە تەئکید ئەمڕۆ ئـــەم کۆبوونەوەیە لە هەولێر ئەنجامـــدراوە و لە (٦٣) ئەندامی دەســـتەی گشـــتی (٤٥) ئەندام لەسەرۆکی یەکێتییەکانی شـــارەکان و نوێنـــەری یانەکان بەشدارن، لەم کۆبوونەوە باس لە دوو تەوەر کرا یەکەمیان هەڵبژاردنی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێـــراق کەماوەیەکی زۆرە بە گێژاوێکی زۆر قـــوڕس تێپەڕ دەبێت و ململانێیەکی توند لە نێوان دەســـتەی کارگێڕی ئەو یەکێتییەوە و بەڕێز عەلی دەباغ بەســـەرۆکی لیژنەی ئەو هەڵبژاردنە ناودەبرێ، بەراســـتی لەو کێشەیە تاکە زەرەرمەند یانە وەزرشییەکانە لەبەر ئەوەی کۆمەڵێ مووچە و بۆندیان لە گەڵ یاریزانان گرێـــداوە و ماوەی چەند مانگێکە دەبوایە ئەم خولە دەستی پێبکردبایە، من وای بۆ دەچم لە کۆتایی دەرەنجامی ئەم کۆبوونەوەیە باش بێت و هەمـــوو یانەکانیش داوا دەکەن کە بەزووترین کات خولەکە ئەنجام بدرێت، ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین خولی کوردســـتان بەڕێوە بچێت و پاشان بەڕێز **لەتیف خەلەف سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی دیالە گوتی:** بەراســـتی ئێمە کە هاتینە هەولێر یەکەمین جار بۆ هاندانی هەڵبژاردەی لاوانـــی عێراق کـــە لە هەولێـــری پایتەختی هەرێمی کوردســـتان ئەنجام دەدرێ بەڕاستی پێشـــوازییەکی گەرمیان لێکردین کە جێگای دڵخۆشـــیمان بوو و ئێمە شـــانازی بە شاری هەولێر دەکەیـــن و ئاواتەخوازین هەمان کەش و هـــەواش لە بەغدا بەم شـــێوەیە برەخســـێ، بەڕاستی کۆبوونەوەی ئەمڕۆ زۆر گرنگە بۆ وەرزشی تۆپی پێ، چونکە زۆر لە وەزارەتەکان هەڕەشـــە لە یانەکان دەکەن کە لە ژێر چەتری ئـــەم یەکێتییە بەشـــداری لە خولـــی نایابی عێراق نەکەن، بەداخەوە کارگەیشـــتۆتە ئەوەی خودی وەزیر بە بڕانی پارە هەڕەشە لە یانەکان دەکات کە نابێ بەشـــداری هیچ چالاکییەك بکەن، لەلایەکی دیکە ئەوانە داوای پاراستنی یەکێتی نیشتمانی عێراق دەکەن، هەروەها دەڵێ هەندێ کەس بەناوی حکومەت قسەو هەڕەشە دەکات ، دواتـــر بەڕێـــز **عەبدولـــرەزاق عەلی ســـەرۆکی یانەی شـــەرگات گوتی:** سەرەتا دەمەوێ سوپاسی حکومەتی کوردستان بکەم کـــە میوانداری ئێمەی کرد لەو کۆبوونەوەیە و دابینکردنی هەموو جۆرە پێداویســـتیەکمان لە خواردن و شـــوێنی حەوانەوە و سەلماندیان کە شایســـتەی هەموو جۆرە رێزلێنانێك و رێز لە مێوان دەگرن و هیوادارم شـــوێنەکانی دیکەی عێراقیش چاو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن و جارێکی دیکە سوپاســـی حکومەت و وەرزشوانانی کوردستان دەکەم و نازانین چۆن ئەو قەرزەیان بدەینەوە و سەبارەت بە کۆبوونەوەکەش گوتی: ئێمە گەیشـــتینە تێگەیشتنێك لەگەڵ بەرپرســـانی تۆپی پـــێ و تەئکیدمان کردەوە دەبێ هەڵبژاردن بکرێ تا لەو کێشـــە گەورەیە رزگارمان ببێت و تۆپی پێ بگەڕێتەوە دۆخی جارانی خۆی، بەڕای من هەڵبژاردن شتێکی سادە و باشە، لەلایەکی دیکەوە گەر هەڵبژاردن بکرێ دەنگی ئەو کەســـانە کپ دەکاتەوە کە داوای هەڵوەشـــاندنەوەی یەکێتـــی تۆپی پێ دەکـــەن، ئەوەش دەبێتە بێبەش بوونی عێراق لە پاڵەوانییەتەکان پاشان بەڕێز مامۆستا **سەلاح محەمەد کەریـــم ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی لیژنـــەی ئۆلۆمپی کوردســـتان بەم شـــێوەیە** گوتی: ئەوەی ئەمڕۆ کۆبوونەوەیە نابێ بڵێین کۆنفرانســـە یان کۆنگرەیە، تەوەری سەرەکی ئـــەو بەرنامەی کە لەلایـــەن یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێراق دارێژرابوو رەزامەندی لەسەر وەرگیرا کە رۆژی (٢٥)ی ئەم مانگە دەستەی گشتی کۆدەبێتەوە ئینجا لە بەغدا بێت یان لە شـــارێکی دیکە بێت بۆ ئەوەی ئەو بەرنامەیە بە تێروتەســـەلی گفتوگۆی لەســـەر بکرێ و رەوانـــەی فیفا بکرێت تا رەزامەندی لەســـەر وەربگیـــرێ و زۆر لەیانەکانیش داویان کردووە کە خولی یانەکان ئەنجام بدرێت و زۆریان هەیە پارەوپولێکی زۆری سەرفکردووە لەوانە یانەی هەولێر کە زەرەرمەندی گەورەیە لەو کێشەیە بۆ داواکەی قەبوڵ کرا و لە (٢٣)ی ئەم مانگە ناوچەی کوردستان یارییەکانی ئەنجام دەدرێ و دواتر لە ناوچەکانی دیکەش ئەنجام دەدرێ، هەرەوەها گوتی گەرهـــات و یانەکانی بەغدا بەشدارییان نەکرد لەوانە ببێتە دوو کۆمەڵە یان سێ کۆمەڵە، هەروەها لە کۆبوونەوەی داهاتوو لەوانەیە رۆژی هەڵبژاردنیش دیاری بکرێ.

لـــە کۆتاییدا بەڕێز **ســـالح محەمەد راشـــد سکرتێری یانەی حســـەنێن گوتی:** لە خوای گـــەورە بەزیادبێت دەتوانم بڵێـــم کۆبوونەوەکە ســـەرکەوتوو بوو و باسمان لە هەڵبژاردن کرد و رەزامەندی لەسەر کراو لەلایەکی دیکە باس لە خولـــی یانەکان کرا کە لە (٢٣)ی ئەم مانگە لە کوردســـتان و لە (٢٧)یـــش لەناوچەکانی دیکە ئەنجـــام دەدرێ، ئێمە وەکو دەســـتەی گشتی گرنگ نییە کێ لە هەڵبژاردن دەباتەوە گرنگ لای ئێمە ئەوەیە کێ دەتوانێ خزمەتی تۆپی پێ بکات و کەســـی شـــیاو لە شوێنی شیاو دابنرێت، بەهیوای ئەوەین گشت یانەکان بەشداری بکەن.

**ناجح حمود: لە٢٣ی ئەم مانگە یارییەکانی خولی نایابی کۆمەڵەی کوردستان ئەنجام دە درێ**



## ئیمان کاوە یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی شەقڵاوە

# تاکەی لەکۆمەڵگەی ئێمە بەم جۆرە بیر دەکە نە وە وکە کچە کا نیان بەند بکەن

**ئیمان یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یانەی شەقڵاوە لە یاری تۆپی باڵە، لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٨ی قەزای شەقڵاوەیە و قوتابی قۆناغی چوارەمی کۆلێژی ئادابە لە بەشی ئینگلیزی ئێستاش لە یانەی شەقڵاوە درێژە بە وەرزشی تۆپی باڵە دەدات ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی سازدا .**

**دیمانە:**
**کارزان کانەبی**

*** ســـەرەتای هاتنە نیو بواری وەرزش لە کوێوە دەست پێکرد ؟**

- سەرەتا لە قوتابخانەوە دەستم بە یاری وەرزشی تۆپـــی باڵە کـــرد و دواتریش لە دوای ســـاڵی ٢٠٠٥وە هاتمە ریزی یانەی وەرزشـــی شەقڵاوە، ئێستاش هەر لەم یانەیە بەردەوامم .

**●ئاســـتی یاری تۆپـــی باڵە چـــۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- بەراستی ئێستا وا خەریکە یاری تۆپی باڵەی کچان بـــەرەو پێش دەچێت یانەکانی کوردســـتان گرنگی زیاتری پێ دەدەن. بۆیە ئێســـتا دەبینین ژمارەیەکی زۆر لە یانەکان تیپی باڵەی کچانیان هەیە .

**●ئەی باشە لە قەزای شەقڵاوە کچان بە شێوەیەك بەرەو ئەم یارییە هەنگاو دەنێن ؟**

- بەراستی تۆپی باڵە لە دەڤەری ئێمە لە شەقڵاوە تاکو ئێســـتا پەرەی نەســـەندوە لە چاو هەندێك شـــوێنەکانی تر. کچان کەم ئـــەم یارییە دەکەن کەمتر بەرەو پیلی ئەم یارییە دێن نازانم هۆکاری چیە کەوا کچانی شەقڵاوە کەمتر وەرزشی تۆپی باڵە ئەنجام دەدەن .

***ســـاڵانە کردنـــەوەی یەك خول لە یـــاری باڵە بۆکچـــان، واتان لێ نـــاکات کە ســـارد ببنەوە لەوەرزش کردن ؟**

- بەراســـتی ســـاڵی یەك پاڵەوانێتی بۆئێمە زۆر کەمـــە پاڵەوانەتیەکی گـــەورە و گران بۆماوەی چەنـــد رۆژێك کۆتایی دێت وامـــان لێ دەکات لە وەرزشەکەمان ســـارد ببینەوە چونکە یەکساڵ وەرزشکردن بۆیەك هەفتەیە چۆن شتی وادەبێت.

***داواکاریـــت چیە لـــە یەکێتی تۆپـــی باڵەی کوردستان ؟**

- هیوادرم خولی تۆپی باڵە بەتایبەتی بۆکچان، با زیاتر بکرێتەوە تاکـــو کچانیش زیاتر گرنگی بە ئاســـتی خۆیان بدەن بەرەوپێش بچن بتوانن لە دوارۆژ زیاتـــر گرنگی بە ئاســـتی خۆیان بدەن بگەنە پلەیەکی بەرز .

*** تۆقوتابی لە هەمان کاتدا یاریزانی، کێشـــەت بۆدروســـت نابێت لە خوێندن ؟**

- بەڵێ، چۆن کێشەمان بۆدروســـت نابێـــت ئێســـتا کاتی خوێندنە ئەم پاڵەوانەتیەشـــمان بۆکراوەتـــەوە، بۆ یەك هەفتـــە مەشـــقمان کرد بۆپاڵەوانیەتـــی تۆپـــی باڵـــەی کچانـــی نایابی کوردســـتان، لەلایەکی تر خوێندن کێشەمان بۆدروست دەکات کەنەتوانین وەرزشـــی خۆمان بەباشـــی ئەنجام بدەین

***کێشەوگرفتی ئێوە چیە لە یانەی شەقڵاوە؟**

- تاکو ئێســـتا کێشەیەکی وامان نەبووە لە یانەکەمان، بەڵام پێشـــتر هەمان بوو و دەســـتەی کارگێڕی کێشەکانمانی چارەسەر کرد.

***هیواو ئاواتت چیە وەکو کچە یاریزانێك ؟**

- هیواو ئاواتم ئەوەیە بگەینە ئاســـتێکی بەرزی وەرزشـــی لە هەموو یارییەك لـــە یانەکەمان و هەڵبژاردەی کوردســـتان دابمەزرێ وببمە یەك لە یاریزانەکانی ئەم هەڵبژاردە خۆشەویستە .

*** بۆچـــی لە خولی عێراقی نـــات بینین کەوا یاری بکەیت ؟**

- بەراســـتی جارێك ئاســـتم وای لـــێ نەهاتوە کەبگەمە ئەو خولە بەڵام هەوڵ دەدەم لە زووترین کات لە خولی عێراقیش بەشداری بکەم

***هیـــچ یانەیـــەك داوای لێ نەکـــردی یاری بۆبکەیت؟**

- نەخیر بـــەڵام جگە لەیانەی شـــەقڵاوە یاری بۆهیچ یانەیەك ناکەم

*** ئێوە وەکو کچان کێشـــەتان بۆدروســـت نابێت لەلایـــەن خانەوادەکانتـــان کـــەوا وەرزش ئەنجام دەدەن؟**

- لە خانەوادەی خۆم ئەم شتەم لێ رووی نەداوە بەڵکو زۆر پشـــتیوانیم دەکەن لـــە وەرزش کردنم بەڵام لە کۆمەڵگـــەی ئێمە وەرزش بە چاوێکی زۆر سوك سەیر دەکرێت.

*** چـــی بەو خانەوادانە دەڵێـــی کە رێگری لە کچەکانیان دەگرن بۆ وەرزشکردنیان؟**

- تاکەی بەم جۆرە بیردەکەنەوە، با بیریان فراوان بکەن تاکەی کچانیان بەند دەکەن، با بەئارەزووی خۆیان چ یارییەك مەبەستیانە هەڵبژێرن

*** جگـــە لە یاری تۆپی باڵـــە چ یارییەکی تر ئەنجام دەدەیت؟**

- یاری تۆپی باسکە زۆر حەزم لێیەتی

*** لـــە هەڵبـــژاردەی باڵەی کچانـــی عێراقی داوانەکراوی؟**

- نەخێر بەڵام هیوادرام لە داهاتوو وەربگیرێم

*** ئەی هەســـت ناکەی یانەی شەقڵاوە لەرووی راگەیاندن فرامۆش کراوە ؟**

- باشـــە بەڵام هەندێك راگەیاندن گرنگیمان پێ نادەن تەنیا گرنگی بەهەندێك لایەن دەدەن.



# رۆبینهۆ خەون بە بەدەستهێنانی نازناوی باشترین یاریزان دەبینێ

ئەستێرەی بەرازیلی رۆبینهۆ هیواو ئاوتی ئەوەیە لە دوارۆژ ببێتە باشترین یاریزان لە جیهان ئەم خەونەش لەیانەی بەرشلۆنە دێتە دی، نەوەك لەیانەی ئێستای مانچستەرسیتی کە لە مانگی سێبتەمبەری ٢٠٠٨ بە بڕی ٣٢ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی لە ریال مەدرید هاتە مانچستەرسیتی کە چاودێران وای بۆ دەچوون کە بچێتە یانەی چێلسی لەندەنی، راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان وای بۆ دەچن، لە گواستنەوەی زستانەی یاریزانان رۆبینهۆ بچێتە یانەی بەرشلۆنە کە دەبێ ئەویش دەستبەردانی فەرەنسی تێری هینری بێت بۆ مانچستەر سێتی، رۆبینهۆ دەڵێ من حەز دەکەم بچمە یانەی بەرشلۆنە کە پاڵەوانی سێ نازناوی گەورەی وەرزی رابردوو بوو، چوونم بۆ ئەو یانەیە یارمەتیم دەدات کە نازناوی باشترین یاریزان لە جیهان وەربگرم، جێگەی باسە رۆبینهۆ ماوەی دوو مانگە بەهۆی پێکانەوە لە یارییەکان دوورکەوتۆتەوە و لە زۆربەی بۆنەکان تەئکیدی لەوە کردۆتەوە کە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ راهێنەر مارك هیوز نییە و منیش وەکو هەموو یاریزانێك حەز دەکەم و خەون بەوەش دەبینم کە ببمە باشترین یاریزان لە جیهان کە ئاواتی هەموو یاریزانێکە، رۆبینهۆ لە کۆتایشدا گوتی من خۆشحاڵم کە یانەی بەرشلۆنە گرنگی بەخزمەتەکانی من دەدات و یاریکردنیش لە یاریگەی نیوکامپ خەونی هەموو یاریزانێکە و دەبێتە رێخۆشکەر بۆ بەدەستهێنانی نازناوی باشترین یاریزان لە جیهان، چاودێران وای بۆ دەچن کە پێکانەکەی رۆبینهۆ بەمشێوەیە نەبێ کە ئەو ماوەیە زۆرە لە یاریگا بە دووربێت و ئەمەش فێڵێکی رۆبینهۆیە بۆ ئەوەی یانەی مانچستەر سیتی دەستبەرداری بێت.

## توتی جارێکی دیکە جەماوەری یانەکەی تووشی لێدانێکی کوشندە دەکات

هاندەران و خۆشەویستانی کاپتنی یانەی رۆما و دروستکەری یارییەکان لە هەڵبژاردەی ئیتاڵیا فرانشیسکۆ توتی جارێکی دیکە تووشی لێدانێکی کوشندە هات دوای ئەوەی هەواڵەکان بڵاویان کردەوە کە توتی جارێکی دیکە بەهۆی پێکانەوە لە یاریگا دوور دەکەوێتەوە و نەشتەرگەری لە ئەژنۆی راستەی بۆ دەکرێ، توتی کە تەمەنی (٣٣) ساڵە پێش (١٨) مانگ نەشتەرگەرییەکی دیکەی بۆ ئەنجامدراوە، ئەمەو ماوەیەك بەر لە ئێستا لە خولی ئیتاڵیا لەکاتی بەشداریکردنی لەیارییەکان هەستی بە ئێش و ئازارێکی زۆر کرد و ناچار بوو سەردانی پسپۆڕی پزیشکی تایبەت بە یانەکەی بکات و دوای چەند پشکنین دەرکەوت دەبێ جارێکی دیکە نەشتەرگەری بۆ بکرێ، جێگەی باسە دەزگاکانی راگەیاندنی ئیتالیا هێرشێکی توندیان کرد لەسەر تیپی راهێنەر و داوایان لێکرد کە توتی بگەڕێنێتەوە ریزی هەڵبژاردەی ئیتالیا لەبەر ئەوەی لیپی پێوسیتی بە دروستکەرێکی یارییەکانی وەکو توتی هەیە کە بتوانێ رکابەری هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵەی خۆی بکات، پێکانی توتی و دوورکەوتنەوەی لە یاریگا گۆڕانکارییەکی تەواوی کردە سەر یانەی رۆما و هەڵبژاردەی ئیتاڵیا کە لەوانەیە ئەو پێکانە لە مۆندیالی داهاتوو دووری بخاتەوە، ئەمەو بەڕێوەبەری کارەکان لە یەکێتی تۆپی پێی ئیتاڵیا ئەنتۆنیلۆ فالانشینی گوتی گەڕانەوەی توتی بۆ ریزی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا پەیوەستە بەڕازی بوونی راهێنەر لیپی و کە دەتوانێ بڕیاری کۆتایی لەسەربدات، جێگەی باسە توتی بە بەردەوامی دەڵێ من ژیانی وەرزشیم لە پێناو رۆما تەرخان دەکەم، ئەمە لە وەڵامی پرسیارێکی رۆژنامەی (گازیتا دیللو سپۆرتی) ئیتاڵی سەبارەت بەوەی کە دەیەوێ بگەڕێتەوە ریزی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا توتی گوتی، من دوای بەدەستهێنانی مۆندیالی (٢٠٠٦) لە ئەڵمانیا بڕیارمدا واز لە یاریکردنی نێودەوڵەتی بهێنم، بەڵام بیرم کردۆتەوە کە هەلم بۆ بڕەخسێ و بتوانم ئاستێکی بەرز نیشان بدەم بگەڕێمەوە ریزی هەڵبژاردەی وڵاتەکەم و خزمەتیان بکەم، ئەم بڕیارەش تەنیا بۆ راهێنەر لیپی دەگەڕێتەوە و من خۆشم بە قەرزاری ئەو پیاوە دەزانم، توتی لە (٥٨) یاری لە ریزی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی (٩) گۆڵی تۆمار کردووە زۆر جار لە ژیانی تووشی پێکان هاتووە، ئەمجارەیان لە یاری رۆما دژی ناپۆلی بوو، گەر لیپی بڕیاری گەڕانەوەی توتی بدات ئەمە دەبێتە سێیەمین بەشداری لە مۆندیال، جێگەی وەبیرهێنانەوەیە، توتی لە مۆندیالی (٢٠٠٢)، لە جەولەی یەکەم بەکارتی سوور لە لایەن ناوبژیوانی ئێکوادۆری بایردن مۆرینهۆ دەرکرا و لە یۆرۆی (٢٠٠٤)یش جارێکی دیکە دەرکرا دوای ئەوەی هەڵسوکەوتی ناشیرینی دوور لە خۆرەوشتی وەرزشی بەرامبەر یاریزانی دانیمارکی کریستیان بولسن ئەنجامدا. توتی ئەم دوو شکستەی بە بەدەستهێنانی مۆندیالی (٢٠٠٦) سڕیەوە لە بیری خەڵکی بردەوە.




## سەرۆکی بەرزایل هاوکاری مۆندیالی ٢٠١٤

بەرازیلییەکان لە هەوڵ و کۆششی ئەوە دان کە چۆن خۆیان ئامادە بکەن بۆ میوانداریکردنی مۆندیالی (٢٠١٤)، هەوڵەکانیش بە ئەنجامی ئەوە گەیشت کە حکومەتی بەرازیل رەزامەندی نیشاندا بۆ دروستکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی (١٢) یاریگا کە میوانداری یارییەکانی مۆندیالی (٢٠١٤) دەکات، سەرۆکی بەرازیلی لولاداسیلڤا رێگەی بە بانکی وەبەرهێناندا کە ٧٥٪ پارەکەی لە ئەستۆی خۆی بگرێ بۆ نۆژەنکردنەوەی یاریگاکان، ئەمەو ئەم هەوڵە نزیکەی ٢،٨ ملیار دۆلاری دەوێ.